# ئەمریکا
# دیموکراسی سەربازی یاخود دیکتاتۆری سیاسی

ئاسۆ جەلال



ستراتیژی نوێـی ئـەمریکا لـە عێراقـدا، کـەبۆش بۆخـۆی ڕاگەیاندو لە زۆر جێگەدا ڕاڤـەی بـۆ کـرد، دەری دەخـا کـە دوای شکستی سیاسیانەی ئەمریکا لـە عێراق، ئێستا وەکو دوا پەناگـەی بە دوای سـەرکەوتنی سـەربازیدا دەگەڕێ.
لەوەتـەی هـاتنی پـۆل برێمـەری حـاکمی مـەدەنی عێراقـەوە تـا دەگاتـە خـەلیل زاد، تـەواوی بەرپرسانی ئـەمریکا لـە عێـراق هەمان هەڵە دووبـارە دەکەنـەوە، کارکردن بە عەقڵیەتی ئـەمریکاو پـشت گوێخـستن‌و ڕاوێژنـەکردن لەگەڵ عێراقییەکاندا.
لە سەردەمانی بەر لـە ڕووخانـی دیکتـاتۆری، پشتبەسـتنی ئەمریکاو گوێگرتنی لـە هەنـدێ هێزو لایەن کە لە ڕاستیدا لەسەر گۆڕەپـانی سیاسـی عێـراق،نـە ڕاسـتگۆیی، نـە مێـژوو، نـە قورسـاییان هـەبوو، دوای داگیرکردنـی عێـراق ئـەمریکای دووچاری شڵەژان کرد، بەتایبـەت کە ئەو هێزانە بـەناوی پاڵپـشتی ئەمریکا بوون بە (شەریکی دزی) و لە بـڕی دابینکردنـی جێگـیری ڕاوە ڕووتیـان داهێنـا.. ڕەنگـە ئەمـەش هۆکارێـك بـێ بـۆ گوێنـەگرتنی ئـەمریکاو تەنهـا فەرمانـدان..ئـەم خوێندنـەوە سـەقەتەی ئـەمریکا بـۆ عێراقییـەکان‌و، هەڵـسەنگاندنی تەواوی هێزو لایەنە جیاوازەکان بە تەرازووی ئەو ڕووداوە، ئـەمریکای گەیانـدە ئـەمڕۆو، عێراقیـشی خستە ئەودۆخـەوە کـە خەریکـە ڕووداوەکانی بە کەس جڵەو ناکرێ.
دوایـین بەڵگـەی ئـەم ڕاستییە، ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن بوو، کەدیسانەوە خوێندنەوەیەکی تەواو ئەمریکاییانەبوو، ئەو ڕاپۆرتە بە چاوی تورکیـاو ئێـران‌و سـعودیە عێراقـی بینیبـوو، بـە ئەقڵـی ئەمریکا ڕاڤەی دەکرد.
بـەڵام نـاڕەزایی زۆر، بۆشـی ناچـارکرد کـاری پێنـەکات‌و، دیسانەوە لە بـڕی ڕاوێـژ لەگـەڵ خودی عێراقییەکاندا بـە تـەواوی ڕەنگەکانیـەوە جـەنابی سـەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ خۆی لـە بـڕی هـەمـوان بیرکـردەوەو چارەسەریـشی دۆزییـەوە کـە بریتییە لە زیـادکردنی سـەربازو تێوەگلاندنی ئەوەی کە تا ئێـستا تێوەنەگلابوو.
بەڕای سەرۆکی ئەمریکا ئەمە دوا چارەسـەرە بـۆ بەدیهێنانـی دیموکراسی لە عێراقدا.
دیموکراسی لە عێراق لەسـەرەتاوە دەبێ لە بڕوابوون بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو یەکسانی ئەرك‌و مـاف لەسەر بنەمای هاوولاتی بوونـەوە سەرچـاوە بگـرێ، نـەك لـە دەستنیـشانکردنی ژمارەیـەك سەرەك هۆزو عەشیرەت‌و گروپی ئـایینی‌و مەزهـەبی بـۆ بەشداریکردن لـە دەسـەڵات(بـەو مانایـەی کـە بەشـداربن لـە ئیمتیـازو داهـات‌و هێـز)و بـەڕێوەبردنی وڵات بـە ئـارەزووی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان.
بۆیە بە زیادکردنی ڕۆڵی هەنـدێ لـە سـوننە مەزهـەب گروپـەو ئیسلامییەکان لـە دەسـەڵاتدا، هەرگیز سەقامگیری لە عێراقـدا بەرپانابێت.
سەبارەت بە کـوردیش، پێویـستە مەسـەلەی هاوپـەیمانی بـوون‌و نەبوون لەگەڵ ئەمریکا لەمەودوا بە چاوێکی دیکە تەماشا بکرێت، لەوانەیە دژایەتی کردنی ئەمریکا بۆ ئێمـەی کـورد نـەگونجاوبێت، بەڵام سیاسەتکردن‌و دروستکردنی فشارو، بەئاسانی تەسلیم نـەبوون بـۆ هـەموو داواکارییەکانـی بێگومان پێگەیەکی باشترمان بـۆ دابین دەکات.
دوایین کردەوەی سەربازی ئەمریکا لە هەولێر، ئاماژەیەکی ڕوونە بـۆ ئەوەی کە لۆژیکی هێـزو، پـرس‌و ڕانەرکردن، بـەر لـە لایەنەکانـی دیکە، ئێمەی کوردیش دەگرێتەوە، ئەمـەش پێـشینەی هەیـەو، موسایەرەی سیاسـەتی ئەمریکـا لەماوەی چەند سـاڵی ڕابـردوودا، ئەمریکاییـەکانی دڵنیـاکردووە کەکورد هـەرگیز لـە بەردەمیـدا ڕاناوەستێ، بە بۆچوونی من ئەمە لەیەکەم بڕیاری هەڵوەشـاندنەوەی پـارەی سویـسری‌و دواخـستنی کێـشەی کەرکوکـەوە سەرچـاوە دەگرێ، کـە ئێمـەیکورد لەبـەر خـاتری (جێگـری‌و یەکپارچـەی نیـشتمانی عێـراق).. قوربانیـان پێدان.

# سەردانی ( رایس )
# بۆ ناوچەکە چی لە هەگبەدایە ؟؟

پارێزەر
سەلاح کانەبی سەعید


AP

کۆندالیزا رایس وەزیـری دەرەوەی ئەمریکـا بـە سـەردانێکی چـەند ڕۆژە گەیـشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ، لـەم سـەردانەیدا خانمی وەزیر چـەند دەوڵـەتێکی ناوچـەکە وێـستگەی گفتوگۆکـانی دەبێـت ، وەك ( ئیسرائیل ، ئوردن ، کوێت ، شانـشینی سـعودیە و میـسر ..) لەگـەڵ چـەند دەوڵەتێکی ئەورووپیش ، ئەم سـەردانە لـەو کاتەدایە کەناوچەکە بە بـارووددۆخیکی زۆر پڕلـە کێـشەدا تێدەپـەرێت بـە تایبەتـی بارووددۆخی عێراق ، بۆیە بۆ ئەم بارووددۆخە لەم کاتەدا سەرۆکی ئەمـەریکی پـڕۆژەی پلانی خۆی ڕاگەیاندووە ، کەخۆی لە چـەند خاڵێك دەبینێتەوە ،گرنگترینیان گێڕانـەوەی مەلەفی عێـراق بـۆ دەست عێراقیـەکان تـاوەکوو مـانگی نۆفێمبـەری ئەمـساڵ ، گرینگـی زیـاتر بدرێت بـە کۆنگـرەی ئاشتەوایی ، چەك داماڵینی ملیشیاکانی سووپای سەدرو و مەهدی ، نەوتی عێـراق بـۆ هـەموو عێراقیەکانـەو ، گێڕانـەوەی زیاتری سونەکان بـۆ دەسـەڵات وە چـەند خاڵێکی تر ...
رایس لە لێدوانە سـەرەتایەکانی دا وتـی: ( هیچ شتێکی نوێم پێنییە و گرنگـی بـە نەخشەی ڕێگادەدەین وکارە سـەرەتایەکانی سـەرۆك بـۆش دروست بوونـی دەوڵـەتی فەلەستینیە ) ، بـەڵام ئـەوەی پێشبینی دەکـرێ لـەو سـەردانەی وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکادا پێکهێنـانی بەرەیەکـە بـۆ پشتگیری ئـەو پڕۆژەیـەی سـەرۆك بـۆش ڕایگەیاندووە ،مەبەستیشیان پێکهێنانی هاوپەیمانەتیەکـە دژی ( هاوپەیمانەتـی توندڕەو ) ئەمـەش ئێران و هاوپەیمانانـی دەگرێتەوە کەدەسەڵاتی دووەمیان هەیە لە ناوچەکەدا یـان بەربەسـتێکن لـە بـەردەم پڕۆژەی ئەمریکا .....
لە پاش ڕووخـانی ڕژێـم و داگیر کردنـی عێراق لە لایەن ئـەمریکا و هاوپەیمانانـی تاوەکو ئەمڕۆ چەندین پلان دانـراوە بـەڵام هیچی سەرکەوتوو نـەبووە ،( بـۆش )یـش بەئاشـکرا ئەمـەی ڕاگەیانـد ، بۆیـە ئەمەریکا ئەمجارە بەلێکۆڵینەوەیەکی وردتر و چڕتر پڕۆژەکەی دارشتووە و میکانیزمـی نـوێش دەگرێتـە بـەر بـۆ سەرخـستنی پڕۆژەکـەی لەگـەڵ جێبـەجێکردنی ئـەو بەڵێنانەی کە سـەرۆك وەزیرانـی عێراقـی فیدراڵ داویەتی بە سـەرۆکی ئەمەریکـا لـەکاتی دانیـشتنە دووقۆڵیکـەیان لـە ( ئوردندا ) ، بۆیە لەم کاتـەدا وەفدێکـی تری ئەمریکا بۆ یەك ڕۆژ دەگاتە عێـراق ، بەسەرۆکایەتی ( هیلاری کلینتۆن ) کـە ئەنـدامی ئەنجومـەنی پیرانـەو نوێنـەری ویلایەتی( نیویۆرك) یشە ، ئەمەش هەر بۆ بـە بیر هێنانـەوەی ( نـوری مـالیکی ) سەرۆك وەزیرانی عێراقە لەو بـە لێنانـەی داویەتی بە سەرۆکی ئەمەریکا کـە خاڵـی یەکەم چەك داماڵینی ملیشیاکانە ئەمەش زۆر قوورسە بۆ مالیکی بۆیە مالیکی لـە دووریاندایە .....
( رایس ) لەیەکەم سەردانی دا لە دەوڵەتە خۆشەویستەکەی ئەمەریکا دابەزی و پاش پـرس و گفـت و گۆکـردن لـە گـەڵ کاربەدەستانی ئەو وڵاتەدا هـەنگاوی دووەم دەهاوێت ، بۆیە هەر لـەم کاتـەدا وەزیـری دەرەوەی ( عەرەبـستانی سـعودی ) ڕای دەگەیەنێت ( گرنگی زۆر دەدەینە ئەو پڕۆژە ستراتیجیەی سەرۆکی ئەمـەریکا دەربـارەی عێـراق ڕایگەیانـدوە بـۆ ڕاوەسـتانی ئـەو شەڕەی ئەمڕۆکە لەعیراق داهەیە ، لەگـەڵ پاراستنی یەك پارچـەیی خـاکی عێـراق و سەرخستنی کۆنگرەی ئاشتەوایی وە چەك داماڵینی ملیشیاکان و نەهێشتنی دەسـتی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بۆ نـاو خـاکی عێـراق ) ئـەم پەیامـەی وەزیـری دەرەوەی شانشینی سعودیەش ڕاستەوخۆ بۆ پاڵپشت کردنی پـڕۆژەی سـەرۆك ( بـۆش ) ە لـە لایـەك و لـە لایـەکی دی پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانیەتی لە ناوخۆ و ناوچـەکەدا ، چـونکە سـعودیە چـاك ئەزانـێ سەرنەکەوتنی پڕۆژەکەی ئەمەریکا ئەبێتـە هۆی فرەوان بوونـی دەسـەڵاتی ئێـران لـە ناوچـەکەدا ، فـراوان بوونـی دەسـەڵاتی ئێرانیش ئەبێتە هۆی کێشە بۆ سعودیە لە ڕێگای ئەو شیعانەی لە سعودیە دەژین و لە سەر سنووری عێراقن ....
لەم کاتەدا بـەرەی دژی ئەمـەریکاش لـە هەوڵەکانی خۆیان دان بۆ شکست هێنانـی سیاسەتی ئەمـەریکا لـە نـاو چـەکەدا ، لەسـەرەتادا ئێـران ڕای گەیانـد دژی پڕۆژەکەی ئەمەریکا یە و داواشی کرد بـۆ چارەسەری پێویستە ئەمەریکا بەزووترین کات لەعێراقدا بکشێتەوەو ،ڕۆژی شـەممە ڕێکـەوتی ( ١٣ / ١ / ٢٠٠٧ ) سـەرۆکی فەلەسـتین ( ئیـسماعیل هەنیە ) لە لێدوانێکدا داوای لە کۆمەڵەی دەوڵـەتانی عـەرەبیی کـرد ئـەو گـەمارۆ ئابووریەی لە سەر فەلەستینە هـەڵبگرن و وە داواشی لە خەڵکی فەلەستین کـرد دژی سیاسەتی ئەمەریکا ڕاوەستن ...
بۆیە بەو دەرئەنجامانەی سـەرەوە ئەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی ئـەم سـەردانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکـی ئـەمریکی یـە دژی ئـەو هاوپەیمانەتیـە توندڕەوەیە کە ئەمەریکیەکان ناوی دەبەن بـەڵام ئـەکرێ بگوترێ بـەو سیاسـەتەی ئەمڕۆکـە ئەمـەریکا پیـادەی دەکـات لەناوچەکەدا ئایە ئەتوانین بگەینە ئاشتی و ئارامی ...؟
واقیعـی ئـەمڕۆی عێـراق بەرهەمـی سیاسەتی مەزهـەبی و ململانێـی نێـوان لایەنـە جیاجیاکانـە هـەر هـەموویان بەرژەوەندی خۆیان لەسـەرووی بەرژەوەنـدی نیشتیمانیەوە دادەنێن ، بۆیە باشترین ڕێگـا چارە بـۆ ئـەمڕۆی عێـراق ئەوەیـە هـەر لایەنێك بە پێی ئەو مافـەی لـە دەسـتوور بۆی دابینکراوە وەریبگرێت ، لەم بوارەشـدا دەبـێ ئـەو ڕێوشـوێنانە بگیرێتەبـەر کـە دەربری ئەرزی واقیع بێـت وبـە کرداریـش جێبەجێبکرێت........

ئا: ژیروان

# ملیارەکانی عێراق‌و کۆشکی سپی
## هەواڵەکانی عێراق لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەدا

ڕۆژنامەی ئیندیپێنتد ڕاپۆرتێکـی لـە ژێـر ناونیشانی "ملیارەکانی عێـراق‌و کۆشـکی سپی" بڵاوکردۆتەوە کـە "سـتیڤن فـولی" پـەیامنێری ڕۆژنامەکـە لـە نیویۆرکـدا نووسـیویەتی‌و دەڵـێ: "ئـەو کۆمپانیـا ئەمریکییەی کە دووبـارە ئامادەکردنـەوەی پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکانی لە عێراقـدا گرتبووە ئەسـتۆ گیرفـانی حزبـی کۆمـاری پڕکرد".
هاوکات ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکـات کـە کۆمپانیـای "بێـرنگ بۆینـت" کـە ئامۆژگاری‌و ڕێنماییکردنی ئیدارەی سـەرۆك "بـوش"ی پێڕاسـپێردرابوو لـە بـواری ئاوەدانکردنەوەدا ئێستا تێدەکۆشێ پێگـەی دارایی خۆی وەدەست بهێنێتەوە پاش ئـەوەی سەدان هەزار دۆلاری داوەتە حزبی کۆماری‌و دەرەنجام کاریگەری خراپـی هـەبووە لەسـەر پشکەکانی لە بازاڕەکانی داراییـدا، ئەمـەو ڕاپۆرتەکە هەندێ زانیاری ئاشـکرا دەکـات کە گوایـە کۆمپانیـای نـاوبراو بـڕی ١١٧ هـەزار دۆلاری تـەرخانکردووە بـۆ هـەردوو هەڵمەتی هەڵبژاردنی (بـۆش) لـە ساڵانی ٢٠٠٠و ٢٠٠٤داو، ئەم بـڕە پارەیـەش بـە زۆرترین پارە دادەنرێت کە تاکو ئێـستا لـە لایەن ئەو کۆمپانیانەوە پێشکەش کرابێ کە کاروباریان لە عێراقدا هەیە.
هەروەها ڕاپۆرتەکە پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە سەرباری ئەو مەترسیانەی ڕووبـەڕووی ئـەو کۆمپانیایـە بوونەتـەوە لـە بۆرسـی نیویۆرکدا ئەوا کۆمپانیای "بێرنگ بۆینت" تەنانەت بەر لەوەی هیچ پابەندبوونێکی لـە عێراقدا هەبێت، هەندێك لـە کارمەندانـی خۆی ڕەوانەی عێراق کردبوو.
هـەر لـە بـارەی عێراقـەوە "ئۆبزێرڤـر" ڕاپۆرتێکـی بڵاوکردۆتـەوە سـەبارەت بـە سـتراتیژییەتی نوێـی بـۆش لـە عێراقـدا، کەتێیدا ڕەخنە لە دۆخی سوپای ئەمریکا لە عێراقدا دەگرێ‌و وای بۆ دەچێ کـە بڕیـاری بۆش بە ناردنی ٢٠ هەزار سەربازی سـەربار بۆ عێراق بەو مانایە دێت کە بۆش دەیـەوێ نەیارانی ئاگـادار بکاتـەوە کـە وڵاتەکـەی ئێستا ئامادەیە ڕوو لە ئێران بکـات لەبـەر ئەو ئاژاوەگێڕییەی لە بەغدادا ناویەتیەوە.
ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کـە ئـەوەی بە پڕوپاگەندە دەزانـرا ئێـستا لەسـەر زاری بەرپرسـانی ئیـدارەی ئـەمریکا وەکـو تۆمـەتبارکردنی جـددی بەدیاردەکـەون بەرامبەر بە ئێران..
لەلایەکی دیکـەدا "سـەندێی تایمز" لـە ڕاپۆرتێکیدا بـەراورد لـە نێـوان عێـراق‌و ڤێتنـام دەکـات هـەردووکیان وەك یـەك دەخوێنێتەوە بۆ ئـەمریکاو، لـە کۆتاییـدا ڕاپۆرتەکە بەو دەرەنجامە دەگات کە هـەموو ئەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لـە عێراقدا بەدەستیانی هێنـاوە تـا ئێـستاکە "سەرکەوتنی تەکتیکین نەوەکو سـتراتیژی" ئەمـەو "فیلیـب شیرۆڵ"ی ئامادەکـاری ڕاپۆرتەکە کۆتایی بە ڕاپۆرتەکـەی دێنـێ‌و دەڵـێ: "دابەشبوونێك لە ئارادایە سـەبارەت بە بەراوردی عێراق لەگەڵ ڤێتنامدا، بـەڵام پێدەچێ بۆش لە کۆتاییدا فێربووبـێ پـەند وەربگرێ‌و هـەر کەسـێ کـە شکستی بـۆ ئەمریکا نەوێ هیـوای ئـەوە دەخـوازێ کـە کاتی ئەوە بەسەر نەچووبێت".

سەرچاوە: BBC

# لە هەمبەر هێرشەکەی ئەمریکاوە بۆ سەر کونسوڵیەی ئێران لە هەولێر

و:سەلام عومەر

ڕۆژی پێـنج شـەممەی ڕابـردوو هێزێکـی ئەمریکـی هێرشی کردە سەر نووسینگەی پەیوەندییەکانی ئێران لـە هـەولێرو جگـە لـە دەسـتگیرکردنی (٦) لـە کارمەنـدانی نووسـینگەکە سـەرجەم دۆسـیەو دیکۆمێنتی ناو نووسینگەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد.
ئێران لەلای خۆیەوە ڕایگەیاند ئەم هێرشـە کراوەتـە سەر یەکێك لەو کونسوڵگەریانەی کە بە فەرمی‌و لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتەوە کراوەتەوە.
ئەمریکاش دوای ئازادکردنی یەك لە کارمەندەکانـی ئەم کونسولگەریە پێی وایە ئەوانی دی هاوکاری ئەو گروپ‌و تیرۆریستانە دەکەن کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئاسایشی عێراق کاری تیرۆریستی ئـەنجام دەدەن، لەملاشەوە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەم کردەوەیە دەربـڕی‌و پێـی وایە ئەمە پێشێلکردنی سەروەرییەکانی حکومـەتـی هەرێمـە، چـونکە بـەبێ پـرس‌و هیـچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەخت هێزەکانی ئەمریکـا ئەم کردەیەیان ئەنجامداوە.
هۆشیار زێباری وەزیـری دەرەوەی عێـراقیش تـرس‌و دوودڵی خۆی لە هەمبـەر ئـەم کردەیـە ڕاگەیانـدو گوتـی: دەیانـەوێ عێـراق بکەنـە گۆڕەپانـی یەکلاکردنەوەی ئامانجەکانی خۆیان..
سوپای ئەمریکاش لە بەیانێکدا دەڵێ: ئێمە بەردەوام دەبین لە لێکۆڵینەوە لەو ٥ ئێرانیـەی دەسـتگیرمان کردوون، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش ئەوە دەردەخەن کە دەستگیرکراوەکان پەیوەندییان بە (حرس الثوری) (قوات خداسی)ی ئێرانەوە هەیە، ئەم هێـزەش بـەوە ناسراوو تاوانبارکراوە کە چەك‌و تەقەمەنی‌و بۆمبـی چێنراو بۆ گروپە توندڕەوو یاخییەکانی نـاو عێـراق ئامادە دەکاو هەروا مەشقیشیان پێدەکات، ئامانجـی سەرەکی ئەو گروپانەش لێدانی هێزە فرە نەتەوەکان‌و تێکدانی ئاسایشی عێراقە.
هەر لەم بەیانەی هێزەکانی ئەمریکا دووپـاتی ئـەوە کراوەتەوە، کە هێرشەکانمان بەردەوام دەبێت بۆ سـەر هەموو ئەو لایەنانەی پێچەوانەی یاسا دەجوڵێنـەوەو هێرش دەکەنە سەر هێزە فرە نەتـەوەکان‌و نایانـەوێ ڕەوشی عێـراق بـەرەو ئاسـایی بوونـەوە بـڕوا، ئـەو بنکەیەش کە هێرشـی کراوەتـە سـەر نووسـینگەی پەیوەندییەکانی ئێران بووەو حەسـانەی دیلبۆماسـی نییە.
عەلی حوسێنی وتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسـیدا ڕایگەیانـد: ئـەم پێنج ئێرانییە کاری کونوسلگەریان لـە چوارچێوەی چـالاکییەکانیان‌و بـەپێی یاسـا ئەنجامـداوە، لـە هەوڵەکانیشمان بەردەوامین بۆ ئازادکردنیان، هـەروا گوتی: ئەمریکا بەهۆی ئەم کردەیـەی دەیـەوێت درز بخاتە نێوان پەیوەندییەکانی ئێـران‌و عێـراق، بـەڵام لەمبارەوە شکست دەهێنێ، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە شکستی سیاسی لـە عێراقـدا هێنـاوەو هـەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەم هێرشـە لاوەکیانـەوە سـەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، هەروا لە هەوڵەکانیشی بۆ لە گرێژنەبردنی پەیوەندییەکانی ئێـران‌و هەنـدێ لە وڵاتانی عەرەبی هەر شکست دەهێنـێ، چـونکە خوازیارەو کاریشی بۆ دەکـات تـا بەرەیـەك دژمـان دروست بکات.
هەر بۆ ئەم مەبەسـتەش هۆشـیار زێبـاری وەزیـری دەرەوەی عێراق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگـەڵ منوشـهر متقـی وەزیـری دەرەوەی ئێـران پێـی ڕاگەیاندووە کە حکومەتی عێراق لـە هەوڵەکانیـدا بەردەوامە بۆ ئازادکردنی هەر پێنج دەسـت بەسـەرە ئێرانیەکە.
دیك چینی جێگری سەرۆکی ئـەمریکاش هۆشـداری داوەتە ئێـران کـە زیـادەڕۆیی لـە سیاسـەتەکانیدا نەکات‌و چیدی دەست لە کاروباری نـاوخۆی عێـراق وەرنەدات، ئەگەرنا بەدوور نـازانرێ بـۆ لەناوبردنـی ئەوانەی دزە دەکەنە ناو خاکی عێراقەوە هێرش بکاتە سەریان ئەگەر لەناو خاکی ئێرانیشدا بێت.
لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراق پابەندبوونی خـۆی بـە سـتراتیژییە نوێیەکـەی ئـەمریکا بـۆ عێـراق دووپاتکردەوەو وتەبێژی فـەرمی وەزارەتـی بـەرگری ئەمریکاش ئـەم هێرشـەی خـستە نـاو بەرنامـەی ستراتیژە نوێیەکەی ئەمریکا بۆ ئاسـایی کردنـەوەی ڕەوشـی عێـراق‌و هـەموو هێـزە سیاسـی‌و سەربازییەکانی عێراقیشی لەوە ئاگادارکردۆتەوە کـە بە هاوکاری هێزەکانی عێراق هێرشی دەکرێتە سـەر هەر گـروپ‌و لایـەنێك کـە دەسـتیان هـەبێت لـە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی بەغدا بەتایبەت ئەو هێزانەی لـە ژێـر سـێبەری حکومـەتـدا کـاری توندڕەوی‌و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.